# ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە

لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە، یان وەکو ئەو کەسە وایە لە شەودا (بەردەوام) شەونوێژ دەکات و لە ڕۆژدا (بەردەوام) بەڕۆژوو دەبێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەوەی پێویستیەکانی ئافرەتی بێوەژن دابین دەکات کە پیاوەکەی مردووە وکەسی نییە کاروبارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، وئەوەی پێویستیەکانی هەژاران دابین دەکات وخەرجیان بۆ دەکات ؛ بەهیوای پاداشتی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، ئەوا وەکو موجاهید وایە لەپێناو الله، یان وەکو ئەو کەسە وایە کە بەردەوام شەونوێژ دەکات بەبێ ماندووبوون، وڕۆژوو دەگرێت بەبێ شکاندنی

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3135